# ئێوە پەروەردگارتان دەبینن هەروەکو چۆن ئەم مانگە دەبینن

له جەریری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەلای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووین وسەیری مانگی کرد لە شەوی چواردەدا (شەوی بەدردا)، وفەرمووی: «ئێوە پەروەردگارتان دەبینن هەروەکو چۆن ئەم مانگە دەبینن، بۆ بینینی تووشی هیچ ناڕەحەتیەک نابن، هەتا دەتوانن هیچ شتێک نەبێـتە ڕێگر لەئەنجامدانی نوێژ لە پێش دەرچوونی خۆر (نوێژی بەیانی) ولە پێش ئاوابوونی خۆر (نوێژی عەسر)؛ ئەوا ئەنجامیان بدەن». پاشان -ئەم ئایەتەی- خوێندەوە: «{وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ} واتە: {و بەستایشی پەروەردگارت تەسبیحات بکە پێش هەڵهاتنی خۆر وپێش ئاوا بوونیشی}».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوون لەشەوێکی مانگی چواردەدا ؛ -صلى الله عليه وسلم- سەیری مانگەکەی کرد، وفەرمووی: ئیمانداران بەڕوونی وئاسانی وئاسوودەیی پەروەردگاریان دەبینن بە چاوەکانیان، وبۆ بینینی الله -سبحانه وتعالى- تووشی هیچ ناڕەحەتی ویاڵەپەستۆ وماندووبوونێک نابن. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەتا دەتوانن ئەو ڕێگرانە مەهێڵن کە دەبنە هۆی بەربەست لە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی ونوێژی عەسر، ئەو نوێژانە ئەنجام بدەن بەڕێك وپێکی وتەواوی لەگەڵ کۆمەڵدا، چونکە ئەمە هۆکارە بۆ بینینی خوای گەورە -عز وجل-. پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: {وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ} واتە: {و بەستایشی پەروەردگارت تەسبیحات بکە پێش هەڵهاتنی خۆر وپێش ئاوا بوونیشی}.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5657